# گوزارەی نەوەی دووەمی کورد لە هەندەران

## ماچی باوکم ...

باوکم هەر میوانە پیاوەکان ماچ دەکا . میوانەکان هاتن لەگەڵ تەوکەکردن وەک هەموو جارێ مرچ ماچێکی ئەملاو مرچ ماچێکی ئەولا جاری دووی بکە ئەنجامەکەشی جاری ژمارەی میوان و خاوەن ماڵ بکە کۆی مرچەکانت بۆ دەردەکەوێ . ئەوە بۆڵەی کیژە هەندەرانیەکەیان بوو تازە چەند پۆلێکی سەرەتایی بڕیوە دەیەوێ بەراوردی ئەتیکێتە هەندەرانی و خوونەریتە کوردیە کەڵچەریەکان بکا ڕای خۆشی بەڕەوانی دەڵێ : چەند جارم ووت باوەگیان پێویست ناکا پیاو پیاوێکی تر ماچ بکا ! لێرە دەکرێ ژنەکان بەیەکەوە یا ژن و منداڵ یان ژن و پیاو یەکتری ماچ بکەن بەڵام دوو پیاو هەر تەوکەدەکەن ئەگەرنا سەرو یەک ماچ بەسە . هەرچەندە باوکی پێکەنینی دەهات بەڵام هەوڵی دا خۆی بگرێ بەچاوی سەرزەنشت مۆڕەیەکی لێکرد . کچەش بەرەو ژوورەکەی خۆی دوورکەوتەوە لەبەرەخۆیەوە پرتەی دەهات : ئێ دەباشە بەس هاوار مەکە .


دڵشاد تاقانە



Dlshadtakana@yahoo.com